ئێوە هەندێک کردەوە دەکەن لە لاتان لە موو بچووکترە، بەڵام ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە تاوانە ڕوخێنەرەکانمان دادەنان

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئێوە هەندێک کردەوە دەکەن لە لاتان لە موو بچووکترە، بەڵام ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە تاوانە ڕوخێنەرەکانمان دادەنان».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

هاوەڵی بەڕێز ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- قسەی بۆ کۆمەڵێک کەس کرد کە شلپەو بوون لە کردەوەکاندا وپێیانی ووت: ئێوە کردنی هەندێک تاوان بە کەمدەزانن چونکە نابینن سەرپێچی فەرمانی کێ دەکەن؟، لە لای ئێوە ئەو تاوانانە زۆر بچووکە، بەڵام لە لای هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- لە تاوانە گەورە فەوتێنەرەکان بوون چونکە ئەوان دەیانزانی سەرپێچی فەرمانی کێ دەکەن، وهەروەها بەهۆی ترسیان لە خودا وهەستکردنیان بە چاودێری ولێپرسینەوەی نەفسیان بوو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3300